# شکۆداربێ ١٥ی ئاب، ساڵڕۆژی ڕاگەیاندنی حزبی ڕزگاریی کوردستان

**کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان ستەمدیدەو سەربەخۆخوازان!**
**ئەندام و لایەنگرانی حزبی ڕزگاری!**

لە پێوەند بە ١٥ی ئاب، ساڵڕۆژی ڕاگەیاندنی حزبی ڕزگاریی کوردستان، لە دەستپێکدا بە ناوی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیەوە پیرۆزبایی لە خۆمان و لە ئێوەی هێژاو خۆشەویست دەکەین، پەیمان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری و سەربەخۆیی نوێ دەکەینەوە، بەڵێنیان پێدەدەین تا گەیشتن بە نیشتمانێکی سەربەخۆو کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر درێژەپێدەری ڕێگەی ئەوان دەبین.

١٥ی ئاب، بەتەنیا ساڵڕۆژی ڕاگەیاندنی حزبێکی کوردستانی نیە، بەڵکو ڕۆژی هەڵوێستی شۆرشگێرانەو پێداگرتن لەسەر دیاردەی فرەحزبی و پاراستنی سەربەخۆیی بڕیاری سیاسیشە، چونکە شازدە ساڵ لەمەوبەر دەستەیەک کادیر و پێشمەرگەی دێرین لە ژێر ئاڵای پیرۆزی کوردستاندا دروشمی سەربەخۆییان بەرز ڕاگرت و پێداگریان لەسەر کاروانی تێکۆشانی خۆیان کردو سەنگەری سەربەخۆخوازیان ئاوەدان کردەوەو حزبی ڕزگاریی کوردستانیان ڕاگەیاند.

ئەمڕۆ لە کاتێکدا یادی ١٥ی ئاب دەکەینەوە کە باشووری کوردستان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە قۆناغێکی هەستیار تێپەڕ دەبن، لەلایەکەوە هێشتا کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی باشووری کوردستان یەکلایی نەبۆتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە گرژی و ئاڵۆزییێکی گەورە لەپێوەندی نێوان دەوڵەتانی ناوچەکەدا دروست بووە، ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕێکی دیکە، ڕۆژهەڵاتی ناڤینی لە نێو ترس و نیگەرانیدا ڕاگرتووە، بەوهۆیەشەوە دەبێ کوردستانیان مکوڕتر لەجاران پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی باشوور بکەن و خۆشیان بۆ گۆڕانکاریەکانی داهاتوو ئامادە بکەن.

ئەمڕۆ لە کاتێکدا ساڵیادی ڕاگەیاندنی حزبی ڕزگاریی کوردستان دەکەینەوە کە سیناریۆو پیلانەکانی هێزە عەرەبیەکانی عێراق و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە دژ بە کەرکوک و بە خواستەکانی گەلی کوردستان ئاشکراو مەترسیدارتر خۆی دەنوێنێ، لەلایەکەوە لەنێو پەرلەمانی عێراقدا گەلەکۆمەکی لە کەرکوک دەکرێ، لەلایەکی دیکەشەوە بەبیانوی ئۆپەراسیۆنی سەربازی دەیانەوێ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە پارێزگای دیالەدا پاشەکشە پێبکەن و دەستەڵاتی ڕەگەزپەرستانە لەسەر ناوچە دابڕاوەکانی باشووری کوردستاندا سەرپشک و توندتر بکەنەوە، بەوهۆیەوە ئێمە لە حزبی ڕزگاریی کوردستاندا لە کاتێکدا زۆر بە توندی ئەو سیاسەتە ڕەگەزپەرستیەی نەتەوەی سەردەست لە قاو دەدەین، لەهەمان کاتیشدا داوا لە کوردستانیان دەکەین کە یەکڕیزو یەکهەڵوێست لە دژیاندا ڕابوەستن و بۆ گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان هەنگاوی کردەیی و ڕاستوێژانە هەڵبگرنەوە.

ئەمڕۆ لە ساڵیادی ڕاگەیاندنی حزبماندا کاتێک چاو بە مێژووی ڕزگاری و سیاسەتەکانی ڕابردوومان دەخشێنینەوەو بوێرانە قامک لەسەر کێماسیەکان دادەنێین، هەست بە ئاسوودەیی ویژدان دەکەین و شانازی بە مێژووەکەی دەکەین، چونکە وێڕای ئەوەی کە بە درێژایی ئەو ماوەیە لەگەڵ گرفت و ئاستەنگ و کێشەکاندا لە ململانێ دابووینە، بەڵام خۆڕاگرانە داکۆکیمان لە سەربەخۆیی حزب کردووە، بۆ پاراستنی بڕیاری ڕزگاری باجی قورسمان داوە، ئێستاش بەڵین دووپات دەکەینەوە کە لەو پێناوەدا بۆ هەر جۆرە باجێک ئامادەین، لێبڕاوانە درێژە بە خەبات دەدەین و گوشارە قورسەکانیش ناتوانن ڕێگەمان پێبگرن و ساردمان بکەنەوە.

ئەمڕۆ لە ١٥ی ئابدا، کاتێک قامک لەسەر دروشم و خواستەکانی حزبی ڕزگاری دادەنێین، دووربینی و ڕاستوێژی و لێزانی بەدی دەکەین، چونکە حزبی ڕزگاریی یەکەمین لایەنی سیاسی کوردستان بووە بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی نیشتمانەکەمان دروشمی ڕاوێژی گشتی بەرزکردۆتەوە، لاگیری لە سەنگەری شەڕی نێوەخۆدا نەکردووە، سازشی لەسەر هەڵوێست و ڕامانەکانی خۆی نەکردووە، یەکەمین لایەنی سیاسیش بووە کە ماددەی ١٤٠ی بە یاری خاپاندن ناساندووەو بەڕێوەبردنی ڕیفراندۆمی لەسەر کەرکوک ڕەت کردۆتەوە. حزبی ڕزگاریی کوردستان بۆ کێبەرکێ کردن لەسەر باشترین خزمەتگوزاری، داوای هاوێرکردنی سەنگەری نێوان دەستەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی کردووەو وەک ئۆپۆزیسیۆنێکی پۆزەتیڤ سیاسەتی کردووە، ئێستاش جەختی لەسەر دەکاتەوە.

بەبۆنەی ١٥ی ئاب، ساڵڕۆژی ڕاگەیاندنی ڕزگاری، بەمەبەستی هاوکاری و هاوهەنگی کوردستانی بانگ لە لایەنە سەربەخۆخوازەکان دەکەین، لەپێناو ئافراندنی یەکگوتاری کوردستانی و بەرەوپێشەوەبردنی دۆزی گەل و نیشتمانەکەمان جەخت لەسەر پێکهێنانی کۆنگرەیێکی نیشتمانی دەکەینەوە، هەروەها بۆ فرەڕەنگ کردن و بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا جەخت لەسەر لیستی هاوبەش لەگەڵ لایەنە هاوپەیمانەکان دەکەینەوە.

شکۆدار بێ ١٥ی ئاب، ساڵڕۆژی ڕاگەیاندنی ڕزگاری.

سەرکەوتوو بێ خەبات لەپێناو کوردستانێکی سەربەخۆ و گەلێکی بەختیار.

**مەکتەبی سیاسی**
**حزبی ڕزگاریی کوردستان**
**١٥-٨-٢٠٠٨**

# باراک: ئەمریکا ڕێگری لە پەلاماردانی ئێران دەکات

**ئێهود باراک** وەزیری بەرگری ئیسرائیل دەڵێ کە ئەمەریکا نایەوێ هێرش بکرێتە سەر دامەزراوە ناوەکییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و خۆیشی ئەو کارە ناکات.

ئێهود باراک لە دیدارێکدا لەگەڵ ڕادیۆی سوپای ئیسرائیل، گوتی: 'ڕاستە پێشکەوتنی دیبلۆماسی گرنگە، بەڵام زۆر ڕێگەی دیکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەبەردەمدا هەن و ئەمەریکاش ئامادە نییە مۆڵەت بە ئێمە بدات تاوەکو هێرش بکەینە سەر ئێران'

لەلایەکی دیکەوە ڕۆژنامەی 'هائارتس'ی ئیسرائیلی لە ژمارەی ڕۆژی پێنج شەمەدا بڵاویکردبۆوە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دوایین داواکاریی ئیسرائیلی سەبارەت بە پێفرۆشتنی چەک و جبەخانەی سەربازی ڕەتکردۆتەوە و بەرپرسانی ئەمەریکایی گوتوویانە ئەم داواکارییە واتای هێرشکردنە سەر ئێران دەگەیەنێ، ئەمەش لەم کاتەدا لە بەرژەوەند دانیە.

هائارتس ئاشکرای کردووە کە ئەمەریکا هۆشداری داوەتە ئیسرائیل و لێیخواستووە کە هێرش بۆ سەر وێستگە ناوەکییەکانی ئێران نەکات، چونکە ئەو کارە بە زیانی ئەمریکا تەواو دەبێ و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا بێ هێز دەکات، بەوهۆیەشەوە ئیسرائیل بەڵێنیداوە ئەگەر پلانی هێرشکردنە سەر ئێران دابڕێژێت، لە سەرەتادا ئەمەریکا ئاگادار دەکاتەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە ماوەیەکە بەرپرسانی ئیسرائیلی هەڕەشەی هێرشکردنە سەر دامەزراوەکانی ئێران دەکەن، چاودێرانیش پێیانوایە باسکردن لە هێرشکردن واتای ئەوەیە کە ئیسرائیل دەیەوێ ئێران بترسێنێ، دەنا ئەگەر پلانی هێرش کردنی هەبێ، بە هیچ شێوەیەک ئاشکرای ناکات.

چاودێران پێیانوایە کە بەرپرسانی ئیسرائیلی لەو ڕێگەیەوە دەیانەوێ بەرسڤی مەحمود ئەحمەدی نەژادی سەرکۆماری ئێران بدەنەوە کە بەردەوام ڕەخنە لە دەوڵەتی ئیسرائیل دەگرێ و گلەیی لە هاوکارانی دەکات، تەنانەت لێدوانەکانی ئەحمەدی نەژاد بە شێوەیەک خەڵکی ئیسرائیلی هەراسان کردووە، کە لانی کەم بۆ ڕەواندنەوەی ئەو ترسە وا دەخوازێ کە بەرپرسانی ئیسرائیلیش باس لە هێرش و پەلاماردان بکەن.

وێڕای هەموو ئەوانەشەوە چاودێران پێیانوایە لەم کاتەدا ئەمریکا لە گێژاوی عێراق و ئەفگانستاندا گیری خواردووەو ناتوانێ بەرەیەکی دیکەی شەڕ لەبەرانبەر ئێراندا بکاتەوە، بەتایبەتیش کە ڕای گشتی وڵاتانی ئیسلامی لەبەرانبەر ئەمریکا گۆڕاوەو زۆرینەی دانیشتووانی ئەو وڵاتانە بە چاوی دوژمن لە ئەمریکا دەڕوانن و بە هۆکاری سەرەکی کوشتن و بڕین و تۆقاندن و برسێتی دادەنێن. ئەمەش وا دەکات کە ئەمریکا زمانی خۆی لەبەرانبەر هێرشکردنە سەر ئێران بگۆڕێ و ڕێگەش نەدات کە ئیسرائیل پەلاماری دامەزراوە ناوەکییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بکات.

**سیروان شوانی**

# کشانەوەی پێشمەرگە بە ئەرێنی دادەنرێ!

پارلەمانتارێکی سەربە بەرەی تەوافوق کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە خانەقین بە هەنگاوێکی ئیجابی وەسف دەکات و داواش دەکات هێزە کوردییەکانی دیکەش لە شاری موسڵ بکشێنەوە. (نورەدین حیالی) پارلەمانتار لەسەر لیستی بەرەی تەوافوق لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ستایشی کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی لە خانەقین کردو بە هۆکارێکی گرنگی لەقەڵەمدا بۆ دروستبوونی متمانە لەنێوان گەلانی عێراق و زاڵ بوون بەسەر ئەو بارگرژییەی کە ئێستا باڵی بەسەر وڵاتدا کێشاوە. هاوکات پارلەمانتارەکەی سەربە بەرەی تەوافوق داوای لە پارتە کوردییەکانیش کرد هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایش لە شاری موسڵ بکشێننەوە و بەم جۆرە هەڵوێستانە هاوکاری بکەن لە هێنانەکایەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی لە عێراقدا. ئەمەش لە کاتێکدا دێ کە سەرچاوەکانی هەواڵ باس لە جێگیربوونی لەشکری عێراق لە چەندین ناوچەی کەرکوک دەکەن و وارادەگەیەنن کە هاوکاریەکی تەواو لە نێوان لەشکری عێراق و هیزێ پێشمەگەدا هەیە. سەرەتای هاتنی لیوای ٤ی سەر بە فیرقەی ٥ی سوپای عێراق بۆ پارێزگای دیالە باس لە گرژی و ئاڵۆزی لەگەڵ لیوای ٤٣ی گەرمیانی سەر بە هێزەی پاسەوانی سنووری هەرێم کرا، بەڵام دواتر ڕاگەیەندرا کە هاوکارییێکی بەرچاو لەنێوان هەردوو لیوادا هەیە و بڕیاردراوە کە لیوای ٤ی سەر ەب فرقەی ٥ی سوپای عێراق لە سنووری قەرەتەپەو جەلەولا بمێنێتەوە، بەوهۆیەشەوە عەرەبەکان خۆشحاڵی خۆیان بۆ ئەو جێگیربوونە دەربڕی و بە هەنگاوێکی ئەرێنیان دانا، بەڵام چاودێرانی سیاسی پێیانوایە کە جێگیربوونی لەشکری عێراق لەو ناوچەیەدا هەنگاوی یەکەمە لە پرۆسەی کونترۆڵکردنەوەی ناوچەکە لە لایەن حکومەتی بەغداو سوپای عێراقەوە، هەنگاوی دووەمیش لە ڕێگەی ئەمریکاو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هێزەکانی پێشمەرگە ناچار دەکرێن کە لەو ناوچانە بکشێنەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە سەرچاوەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە سوپای عێراق لەژێر پاساوی پرۆسەی بەشائیرولخەیر بۆ ناوچەکە نێردراون، بەڵام مەبەست جێبەجیکردنی بڕیاری پەرلەمانهی عێراقە بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی دەرەوەی سنووری ئێستای هەرێمی کوردستان. ئامانجیش تێپەڕکردن و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوکە کە کێشەو ناکۆکی زۆری لەسەر هەیە.

هەرچەندە تا ئێستا جێگیربوونی کاتی لیوای ٤ی سەر بە فرقەی ٥ی سوپای عێراق و کشانەوەی لیوای ٣٤ی گەرمیانی پاسەوانی سنووری هەرێمی کوردستان ناڕوونی پێوە دیارە، لەلایەکەوە عەرەبەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان پاشەکشەی کردووە، بەڵام وتەبێژی پاسەوانی سنووری هەرێمی کوردستان بانگەشەی ئەوە دەکات کە هێزی پێشمەرگە لە جێگەی خۆی ماوەتەوەو ڕێگەی داوە بە کاتی لیوای ٤ی سوپای عێراقی لەو ناوچەیەدا جێگیر بکرێ و دەستی بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی بەشائیرولخەیر بکرێتەوە، بەڵام چاودێران پێیانوایە کە مادام ئەو ناوچانە دەکەونە دەرەوەی دەستەڵاتی ئێستای هەرێمی کوردستان، ئیدی درەنگ یا زوو دەبێ هێزەکانی پێشمەرگە و لیوای ٣٤ی گەرمیان بکشێنەوە، بەتایبەتیش ئەو لیوایە لەسەر داواو ڕەزامەندی حکومەتی بەغداد و لەکاتی ئاڵۆزی ڕەوشی ئاسایش ڕەوانەی ئەوێ کراون، لەو ڕوانگەیەشەوە ئەگەر ڕەوشی ئاسایش بەرەو باشی بڕوات وەک حکومەتی بەغداد بانگەشەی بۆ دەکات، ئیدی دەتوانێ داوای کشانەوەی لیوای ٣٤ی گەرمیان بکات.

ئەگەر کشانەوەی هیزەکانی پێسمەرگە لە ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان لەلایەن عەرەبەکانەوە بە ئەرێنی دابنرێ، لەلایەن کوردستانیانەوە بە نەرێنی لێکدەدرێتەوە، لەوانەیە گرفت و ئارێشی گەورەشی لێبکەوێتەوە، چونکە بوونی سوپای عێراق لەو ناوچە دابڕاوانەدا ئەگەری جێبەجێ نەکردنی ماددەی ١٤٠ گەورەت دەکاتەوە، خۆ ئەگەر سوپای عێراق چاودێری هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک بکات، ئیدی بەختی کورد بەرەو ئاوا بوون دەچێ.

**سەربەست کانەبی**

# دەنگی ڕایس دژ بە ڕووسیا بەرز دەبێتەوە



کۆندۆلیزا ڕایس وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بەر لەوەی بەرەو گورجستان بفرێ، دەنگی خۆی لەبەرانبەر ڕووسیا بەرزتر کردەوەو ڕایگەیاند کە ڕووسیای ئەمڕۆ، یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو نیەو وەکو هێزێکی گەورە پێوانەی بۆ ناکرێ.

کۆندۆلیزا ڕایس سەبارەت بە شەڕی نێوان ڕووسیاو گورجستان ڕایگەیاند بەهۆی ئەوەی کە ڕووسیا هێرشی کردۆتە سەر گورجستان و بێڕێزی بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردووە، دەبێ ڕیسوا بکرێ.

جێگەی ئاماژەیە کە لەسەروبەندی هێرشی گورجستان بۆ هەرێمی ئۆسیتای باشوورو بەرپەچدانەوەی لەلایەن هێزەکانی ڕووسیاوە، جۆرج بووش سەرکۆماری ئەمریکا لاگیری لە گورجستان کردبوو، بەو هۆیەشەوە وەزیری کاروباری دەرەوەی ڕووسیا، **Serjey Lawrow** سێرگی لاوڕۆڤ گوتبووی کە دەبێ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەنێوان پشتیوانیکردن لە گورجستان و هاوکاریکردن لەگەڵ ڕووسیا یەکیان هەڵبژێرێ، ئەمەش کۆندۆلیزا ڕایسی تووڕە کردبوو، بۆیە لە لێدوانێکدا بەرلەوەی بەرەو گورجستان بڕوات، بە تووڕەییەوە بە ڕۆژنامەوانانی گوتبوو کە ڕووسیای ئەمڕۆ، یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو نیەو وەکو هێزێکی گەورە پێوانەی بۆ ناکرێ.

شەڕە قسەی نێوان سێرگی لاوڕۆف و کۆنۆلیزا ڕایس دەستپێکی ئەو گرژی و ئاڵۆزییە کە لە داهاتوویێکی نزیکدا پێوەندی نێوان ڕووسیا و ئەمریکا بە خۆیەوە دەبینێ. هەرچی ڕووسیایە دەیەوێ دەستەڵاتی خۆی بەسەر دەریای ڕەشدا بپارێزێ و کەسان و پارتی نزیک بەخۆی لە گورجستان بێنێتە سەر دەستەڵات، هەرچی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشە دەیەوێ بەزووترین کات کێبەرکێ لەگەڵ ڕووسیا بکات و وڵاتی دراوسێی ڕووسیا بەلای خۆی ڕابکێشێ، لەو نێوەندەشدا گورجستان وەک وڵاتێکی بچووک و پڕ ئاژاوە چاوی لە پشتیوانی ئەمریکا بڕیوەو دەیەوێ بە هۆی ئەمریکاوە هەرێمی ئۆسیتا بۆ ژێر دەستەڵاتی خۆی بگێڕێتەوە، بەڵام ڕووسیا نایەوێ ئەو هەرێمە لە دەست بدات، چونکە ئەگەر هەرێمی ئۆسیتا لەلایەن گورجستانەوە کۆنترۆڵ بکرێتەوە، ئیدی دەستی ڕووسیا لەو وڵاتە کورت دەبێتەوە.

مۆسکۆ بەبیانۆی ئەوەی کە گورجستان ستەم لە هەرێمی ئۆسیتای باشوور دەکات کە زۆرینەی دانیشطووانەکەی ڕووس و ئەپخازین، دەیەوێ دەستەڵاتی خۆی بەسەر گورجستان بهێڵێتەوەو کۆنترۆڵی دەریای ڕەش لە دەست نەدات، بەڵام ئەمریکا کار بۆ کورت کردنەوەی دەستی ڕووسیا دەکات، دەیەوێ گورجستان باڵا دەست بکات و هەرێمی ئۆسیتاشی بۆ بگێڕێتەوە. گێڕانەوەی هەرێمی ئۆسیتا بە ئەگەرێکی دوورو لاواز دادەنرێ، تەنیا ئەگەر لە سەوداو مامەڵەی نێوان ڕووسیاو ئەمریکا یەکلایی بکرێتەوە، دەنا ڕووسیا پشتی تێناکات و بە تەنیا جێی ناهێڵێ. لەوەتەی هەرێمی کۆسۆڤۆ بە پشتیوانی ئەمریکا سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاندووە، ڕووسیا کار بۆ ئەوە دەکات کە ئۆسیتاش سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیەنێ، ئەمەش لە کاتێکدایە کە لەساڵی ١٩٩٢ەوە تا ئێستا ئەو هەرێمە یەکلایەنە سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاندووەو دانی پیا نەنراوە.

**ڕەشید مامەند**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com